بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان . عێراق
ژمارەی فەرمان: ١
مێژووی فەرمان: ٢٠٢٢/٦/٢٢

فەرمانی
ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢

پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (٤)ی دەرچووی ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٢ ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و حوکمی بڕگەی(سێیەم،چوارەم ، پێنجەم) لە مادەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، بەڕێز(ادریس اسماعیل عبوش) هەڵبژێردرا بە بڕیاردەری لیژنەی (پوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی).

د.ڕێواز فایق حسێن
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق

ئەنجومەنی دادوەری
ژمارە ٣٧٧ لە ٢٠٢٢/٦/٢١

بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢

پشت بە حوکمی ماددە(١٩ /دووەم) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەپێی نووسراویان ژمارە (٥٣) لە ٢٠٢٢/٤/٤ ، وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی و باشتر ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی هاوولاتیان ، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگ بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی (**هەولێر/٤**)وە دەسەڵات درا بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە دیاریکردنی تایبەتمەندی جۆری (الاختصاص النوعي) ئەو دادگایە.
- ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

دادوەر
عبدالجبار عزیز حسن
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری